## (( خەم و ماتەمینی مەڵبەندی کولتوری کوردی ئەڵمانیا/کۆلن بۆ کارەساتی چواری ئایاری پایتەختی کوردستان ))

**جەماوەری بە شەرەفی کوردستان:-**

لە جیهانی غوربەت و تاراوگەوە جەستەو دڵی کوردانەمان هاتە ژان وهاوارو ناڵە.لە گەڵ خەڵکە قارەمانەکەی هەولێری پایتەخت وخوێناوی دا، بەرگی رەش و ماتەمینیمان پۆشی.

لای هەمووان ئاشکرایە، خەڵکی کورستان لە بەردەم شاڵاوی درندانەودوژمنکارانەی ناحەزان و داگیرکەراندا،مەردانەو بوێرانە لە سەنگەری شەرەف و کوردایەتی دا دەجەنگێ، ولاپەرەکانی دیرۆکی خوێناویمان، شاهیدو زمان حاڵی دوێنێ و رابوردوی گەلی کوردە.

بەڵام سەد مخابن لە گەڵ ئەو هەموو فیداکاری و قوربانی دانەی کە رۆڵەکانی کورد،بە درێژایی شۆرشەکان لە خۆیان نیشان داوە،کەسانێکی خۆپەرست وهەلپەرست،دوور لە هەست و سۆزی راستەقینەی کوردانە پەیدا ئەبن, ولە گیان و جەستەی بچوک و تەسکی حیزبایەتیەوە بۆ مەسەلەکان دەروانن، و لە کاتە ئاڵوزو ناسکەکاندا،فرسەت و هەلی زێرینەی کوردانە دەکەنە فیدای بەرژەوەندی تایبەتی، و لە ئاکامدا دەستی رەش و چەپەڵی تاوان و تیرۆرو کورد کوژی فرسەتی خۆی دەهێنێ و،ئەمجارەیش ( 5 ) ی ئایاری 2005 ی خستە پاڵ رۆژە رەش و تاریکەکانی رابوردومانەوە و، هەمومانی رەش پۆش و خەمناک کرد.

هەموو کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆزی ناوەوەو دەرەوەی ووڵات، ماوەیەکی زۆرە چاوەروانی مژدەی یەک بوونەوەو یەک گرتنەوەی ئیرادەو ئیدارەی کوردی دەکات، لە چوار چێوەی ماڵێکی کوردی خاوەن سەرۆک و سەرکردایەتی یەکی دڵسۆز و راستەقینەدا. کەچی بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە،کەمتەرخەمی وهەست نەکردن بە ئەرکی کوردانە و مەسەلەی رەواو پیرۆزی کوردایەتی،و دوورکەوتنەوە لە ئێش و ئازارەکانی میللەت و، چارەسەر کردنی کێشەکان لە چاویلکەی حیزبایەتیەوە، کارەساتی شوبات و دواتریش ئایاری لە مێژوودا بۆ تۆمار کردین.

بۆ بنەبرکردنی تیرۆرو نەهامەتی گەلەکەمان، پێویستە لە سەر سەرکردایەتی سیاسی کوردی،لە زووترین کات دا بریاری یەک گرتنەوەی ئیدارەی کوردی و ، دەست بەکار بوونی پەرلەمان رابگەیەنن. تا چی دی کاروانی خەباتی رزگاریخوازیمان لە دەست و ئارەزووی تیرۆریستاندا، سستی و لاوازی و بێ هێزی بە خۆیەوە نەبینێت و. لە رۆچوون و مەرگەسات و پێشهاتە تاڵەکان پێشگیری بکرێت.

سڵاو لە گیانی شەهیدانی ئایاری هەولێری دێرین و خۆراگر،ریسوایی و نەمان بۆ تیرۆریستان و دوژمنانی کوردو کوردستان.

**مەڵبەندی کولتوری کوردی ئەڵمانیا/ کۆلن**

05.05.2005